تەمەنیکی کەم و ژیانیکی پر لەزەحمەت
بەبۆنەی گیان لەدەست دانی هاوری "عومەر علی ئەحمەد"ە وە!

بەداخ و حەسرەتیکی زۆرەوە، ئەمرۆ هەوالی گیان لەدەستدانی هاوری عومەر ئەحمەد مان لەریگای کۆمیتەی هۆلندای حیزبەوە پیگەیشت. بەم هەواله دلمان گوشراو چەند ساتیکی بیدەنگیمان لەماتەمینیدا وەرگرت ..

هاورێ (عمر علی احمد) لەسالی 1974 لە شارۆچکەی پینجوین لەخیزانیکی زەحمەتکیشدا هاتۆتە دنیاوە. بەهۆی بارودۆخی ژیانی خیزانەکەیەوە خویندنی تەواونەکردووە، وناچاربووە لەسێی ناوەندی دەستهەلگرێ ورووبکاتە کارکردن. لەسالی 1997دا بۆتە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، ولەسنووری ریکخستنەکانی حیزبدا لەگەرەکی ئیبراهیم پاشا ریکخراوە.

هاورێ عمر زیاتر لە3سێساله بۆ کارکردن رووی لەئیران کردووە. بەداخیکی زۆرەوە مانگیك پیش گیان لەدەستدانی گەرابووەوە بۆ ئیران بۆ کاردن. تا لەرۆژی یەکشەممە ریکەوتی 20-03-2005 لەسەر ریگای سەرەکی قەزوین – تاران بەهۆی کارەساتی ئۆتۆمبیلەوە لەگەڵ هاورێیەکی کریکاری خۆیدا بەناوی کاروان گیانیان لەدەست دەدەن.

بەسەرهاتی هاوری عومەر تەمەنیکی کەم و ژیانیکی پر لەزەحمەت بۆ خۆی و ملیۆنەها ئینسانی ئەم سەردەمە نیشان دەدات کەنیزامی زالمانەی سەرمایەداری ئەوانی ناچرکردووە بۆکارپەیداکردن و بەدەست هینانی سەرچاوەی بژیوی، گیانی خۆیان بخەنە بەرمەترسییەوە.

ئیمە لیرەدا ویرای دەربرینی سەرەخۆشی خومان لەکەسو کار و هاوریان و دوستانی هاوری عومەر بەلینی راوەستان لەسەر ریبازی ئەو بەهەموان رادەگەیەنین و ئومیدەوارین ئەمە دواین هەوالی ناخۆشی خیزانەکەیان بیت.

بەرزوبەریزبیت یادی گیانبەختکردوانی ریگای سۆشیالیزم!

بەرزوبەریزبیت یادی هاورێ عمر علی احمد!

خەسرەو سایە

لەبری بەریوەبەرانی سایتی حیزب

2005-03-26